# ئافرەتان
# و
# فێر بوونـــی
# زانستـــی شەرعـــی

نووسین و ئامادەكردنی
مامۆستا : محمد عبدالرحمن لطیف

چاپی چوارەم

======================================

لەبڵاوكراوەكانی

## ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

كتێبی ژمارە (٤٢)

بسم الله الرحمن الرحیم

## دەسپێك

**خـوێـنـەری بەڕێـز :**

ئـەم زنجیرەیە : (**ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا**) چەند بابەتێکی زانستی تێدا دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە :

* ئەرك و مافەکانی ئافرەت لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا .

* ڕێز و پلە و پایەی ئافرەتان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا .

* هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە ستەم لێکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان .

* وەڵامی ئیسلام و موسڵمانان بۆ ئەو گومان و ڕەخنانەی کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگیرێن سەبارەت بە ئافرەتان .

* هەروەها چەندین بابەتی تری زیندوو کە لەم ڕۆژگارەدا بوونەتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری چەندین کەسایەتی لە ئیسلام تێنەگەیشتو .

**نووسەر**

**مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطیف**

**ووتارخوێنی مزگەوتی گوندی حاجیلەر**

**( ٢٤ / محرم / ١٤٢٧ ك )**

**کەلار / کوردستان**

بسم الله الرحمن الرحيم

*** ڕێـــخـۆشكار** :

إنَّ الـــحمد لله ، نحمدهُ ، ونستعينهُ ، ونستغفرهُ ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، مَنْ يهدهِ اللهُ فلا مُضِلَّ له ، ومن يُضْلِلْ فلا هاديَ له .

وأشهد أنْ لا إله إلاَّ الله وحدهُ لا شريكَ له ، وأشهدُ أنَّ مُحمَّداً عبدهُ ورسولـــهُ .

أمَّا بعدُ :

فإنَّ خـــيرَ الـــحديث كتابُ الله ، وخيرَ الـــهدي هَديُ مُحَمَّـــدٍ (ﷺ) ، وشَرَّ الأُمـــورِ مُحدَثاتـــها ، وكُلَّ محدثـــةٍ بدعـــة ، وكل بدعـــة ضَلالـــة ، وكل ضَلالـــةٍ في الـــنَّـــار .

**خـوێـنـەری بەڕێـز :**

**ئـەم نامیلکەیەی بەر دەسـتت بابەتێکـە لە بابەتە زۆر گرنگ و بە سـوودە بلاوکـراوەکـانی گۆڤـاری (ڕێـگـای ڕاسـت) کە لە ژمارە (٣) دا بـلاوکـراوەتەوە ، بە پێویستمان زانی وەك نامیلکەیەکی سەر بەخۆ بیخەینە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێـز ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن سوودی لێبـبینن لە سەر شێـوازی نامیلـکەیەك کە هەڵـگرتنی سوك بێت بۆ ئێوەی سەنگین .**

**نووسەر**
**٢٢ / ربيـع الـثانـي / ١٤٢٤ ك**
**کەلار / کوردستان**

# پێشەکی

شاراوە نی یە کە زانستی شەرعی کلیلی هەموو چاکەیەکە و دەرگای هەموو بەختەوەرییەکە .

وە مەرجە بۆ بەدیهێنانی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بە شێوازێکی تەواو و ڕێك و پێك و جوان .

هەروەها زانستی شەرعی دەبێتە پاڵنەر بۆ :

* خۆ ڕازاندنەوە بە هەموو ڕەوشتێکی بەرز و پیرۆز .

* بەدەست خستنی خۆشەویستی خوای پایە بەرز .

* ڕزگار بوون لە تاریکی نەفامی و گومڕایی .

* **بایەخدانی ئیسلام بە فێرکردن ئافرەتان :**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر بایەخ و گرنگی داوە بە فێرکردنی ئافرەتان لە زانستی شەرعیدا ، بۆیە دەبینین زۆر بە گەرم و گوڕییەوە ڕووی لە ئافرەتە موسڵمانەکان کردووە و وەڵامی پرسیارەکانیانی داوەتەوە و گەڕاوە بەدوای زانینی هەواڵیان و زۆر بە جوانی گوێی بۆیان گرتوە و سەردانی هەندێکیشیانی کردووە و بۆیان پاڕاوەتەوە لە خوای گەورە و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردوون ، وە لە هەموو هەفتەیەکدا ڕۆژێکی بۆیان دیاری و تایبەت کردبوو بۆ ئەوەی فێری زانستی شەرعیان بکات تاوەکو بتوانن بەختەوەری دونیا و دوا ڕۆژیان بەدەست بێنن .

بۆیە ئەم هەڵوێستانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئافرەتاندا چەند هەنگاوێکی پێویست و بە سوود بوون و کاریگەرییان هەبوو لە چاندنی باوەڕێکی بتەو لە نێو دڵیاندا ، وە ئەو هەڵوێستانە پاڵنەرێکی زۆر بەهێز بوون بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دوای ئەوەی کە ڕێگای یەکخواپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) لە دڵیاندا جێگیربوو .

وە ئاسانیش نەبوو لەسەر ئافرەتی موسڵمان هەڵسێت بە کاری ئیسلامەتی خۆی و ئەرکە شەرعیەکانی بەجێ بێنێت ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاودێری حاڵی ئافرەتانی نەکردبایە و هانیانی نەدایە و پشت گیری لێ نەکردنایە لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و پاشان کردەوە کردن بەو زانستەی کە فێری دەبوون و بانگەوازکردن بۆ ئیسلام ، بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی چەندین ئافرەتی کردووە بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لە حاڵیان و دڵیان بداتەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لە گەڵ هەبێت و پاشان ئەو سەردانە ببێتە هەلێك بۆ ئەوەی فێری هەندێك ڕەوشت و ئەرکە شەرعیەکان بن و ئامۆژگاریان بکات و دوعای خێریان بۆ بکات لای خوای پایە بەرز .

**لەو ئافرەتانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کردوون :**

ـ دایکی حەرام و دایکی سولەیم کە هەردووکیان کچی مەلحان بوون و ئافرەتی دووەمیشیان دایکی ئەنەسی کوڕی مالك بووە و یەکەمیشیان خوشکی دایکی بووە[1] .

ـ وە سەردانی دایکی وەرقەی کچی (عبد الله)ی ئەنصاری کردووە و موژدەی شەهیدی پێداوە و بانگدەرێکی بۆ داناوە و فرمانی پێکردووە کەپێش نوێژی کەس و کاری بکات لە ماڵی خۆیدا [2].

---

(١) صحيح البخاري رقم : (٦٢٨١) وصحيح مسلم رقم : (٢٤٥٥) و (١٩١٢) .

(٢) صحيح سنن أبـي داود رقم : (٥٥٣) .

ـ هەروەها ئافرەتێکی تر کە ناوی (الربيع بنت المعوذ) بووە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کردووە لە بەرەبەیانی ڕۆژی گواستنەوەی دا دوای (جەنگی بەدر) [٣].

وە چەندین نموونەی تر هەیە لەم بوارەدا هەموویان بەڵگەن لە سەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر گرنگی بە ئافرەتان داوە.

*** پێناسەی زانستی شەرعی :**

خوێنەری بەڕێز : لە بەر ئەوەی ئەم بابەتەی بەردەستت باس لە فێربوونی (**زانستی شەرعی**) دەکات ئەوا پێویستە پێناسەکەی بزانیت ، کەوا ئێمە لە چەند دێڕێکدا بە ووتەی چەند زانایەك بۆتی ڕوون دەکەینەوە :

ـ پێشەوا (محمد بن عبد الوهاب) فەرموویەتی : (**العلمُ :** هو معرفةُ اللهِ ومعرفةُ نبيِّهِ مُحمَّد (ﷺ) ومعرفةُ دين الإسلام بالأدلة .

واتە : **زانست** بریتیە لە : ناسینی خوا و ناسینی پێغەمبەرەکەی (مُحمَّد ﷺ) و شارەزابوونە لە ئایینی ئیسلام بە بەڵگەوە .

ـ وە پێشەوا (ابن القيم) فەرموویەتی : (**العلمُ** قال اللهُ قال رسولُهُ قال الصحابةُ ...) .

**زانست** بریتیە لە : فەرموودەی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر و فەرموودەی صەحابە ...

ـ وە ئیمامی (الأوزاعي) فەرموویەتی : (**العلمُ** ما جاءَ عن أصحاب مُحمَّد ﷺ ، وما لَمْ يَجيءْ عن أصحاب مُحمَّد ﷺ فليسَ بعلم) .

واتە : **زانست** ئەوەیە کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتبێت ، وە ئەوەی کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاتبێت ئەوا علم و زانست نیە .

ـ وە ئیمامی (شافعی) فەرموویەتی :

(كُلُّ العلومِ سِوى **القُرآنِ** مَشغلةٌ

إلاَّ **الحديثَ** وإلاَّ **الفقهَ في الدينِ**

العلمُ ما كانَ فيهِ قال حدَّثنا

وما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشياطينِ) .

واتە : هەموو زانستەکان جگە لە **قورئان** خۆ خەریك کردنە تەنها **فەرموودە** و **تێگەیشتن و شارەزا بوون لە دین** نەبێت ، زانست ئەوەیە کە تێیدا بوترێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی و جگە لەمەش هەمووی وەسوەسەی شەیتانە .

ـ وە ئیمامی (ابن حجر العسقلاني) فەرموویەتی : (المُراد بالعلم : **العلمُ الشرعي** الذي يُفيد معرفةُ ما يَجِبُ على المُكلَّفِ من أمرِ دينهِ في عباداتِهِ ومعاملاتِهِ ، والعلم باللهِ عَزَّ وجل وصفاتهِ وما يَجِبُ لَهُ من القيام بأمرِهِ ، وتنزيههُ عن النقائص ، ومدارُ ذلك على التفسير والفقه والحديث)[٤].

واتە : مەبەست بە **زانست** : زانستی شەعیە کە سودی شارەزابوونی تێدایە لەوەی کە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لە سەر (تەکلیف لێکراو) لە بواری ئاینەکەیدا لە پەرستنەکانی و لە هەڵس و کەوتەکانیدا

(٣) صحيح سنن الترمذي رقم : (١٠٩٠) .

(٤) فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١ / ١٨٧) .

، وە زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەکانی و ئەوەی کە پێویستە لە سەری لە پێناوی ئەودا پێی هەڵبسێت لە فەرمانەکانی و پاك ڕاگرتنی لە کەم و کوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لە سەر : تەفسیر و فقە و فەرموودە * .

*** حوکمی فێربوون و گەڕان بەدوای زانستی شەرعیدا :**

گەڕان بەدوای زانستە شەرعـیـیەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستخستن و فێربوونی ئەو زانستانە پێویستە (فرض)ـە لە سەر هەموو موسڵمانێك ـ چ پیاو بێت یاخود ئافرەت ـ چونکە هەر کەسێك کردەوەکانی بە پێی بەڵگەی شەرعی نەبێت و لەسەر چاو ڕۆشنی و بەزانستەوە نەیکردبێت ئەوا خوای گەورە کردەوەکەی لـێی وەرناگرێت و ڕەتی دەکاتەوە و قبوڵی ناکات ، وەك شاعیر دەفەرموێ :

وكُلُّ مَنْ بغير علمٍ يعملُ
أعماله مَردودة لا تُقْبَلُ

واتە : (هەر کەسێك بە بێ زانستی شەرعی و بەبێ بەڵگەی شەرعی کردەوە بکات ئەوا کردەوەکانی ڕەت دەکرێتەوە و لێی قبوڵ ناکرێت) .

بۆیە خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە بە فێربوونی زانستی شەرعی پاشان فەرمانی بە کردەوە و گوفتار کردووە وەك فەرموویەتی :

﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ﴾ [سورة محمد : ١٩] .

واتە : بزانە کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێ جگە لە (الله) ، وە داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکانت ،

لەبەر ئەمە ئیمامی بوخاری فەرموویەتی :

(باب العلم قبل القول والعمل ، والدليل قوله تعالـى :
﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ﴾ ، فبدأ بالعلم قبل القول والعمل) (٥).

واتە : بابەتی زانست پێش گوفتار و کردار ، بە بەڵگەی فەرموودەی خوای پایەبەرز کە فەرموویەتی : ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ﴾ ، دەبینین بە زانست دەستی پێکردووە پێش گوفتار و کردار .

وە بەڵگـە لەسەر (واجب)ێتی فێربـوونی زانستە شەرعییەکان لە قورئان و فەرموودە پیرۆزە صەحیحەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) زۆرن بەڵام ڕونترین و ئاشکراترین بەڵگە باس دەکەین بە پشتیوانی خوای گەورە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((طلبُ العلم فريضة على كل مسلم))(٦).

واتە : بەدەست خستن و گەڕان بە دوای زانستی شەرعی دا (فرض) و پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك .

---

* پاشكۆی كتێبی : (لە گەڵ كێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی كێ دەكەیت ؟) بخوێنەرەوە لاپەڕە : (٩٥ ـ ١٠٤) .

(٥) انظر : فتح الباري : (١/٢١٠) .

(٦) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٢٤) .

**وە ئەم فەرموودەیە تەنها تایبەت نی‌یە بە پیاوانەوە ، بەڵکو ئافرەتانیش دەگرێتەوە ، چونکە زانایانی شەرع دەفەرموون : (هەر ئایەت و فەرموودەیەك فەرمانی تێدا بوو بۆ پیاوان یان باسی پیاوانی دەکرد ئەوا ئافرەتانیش دەگرێتەوە)[٧] ، وە پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت :** ((إنَّما النساء شقائق الرجال))[٨] **واتە : ئافرەتان هاوشان و لە ریزی پیاواندان .**

**بەڵکو لە چەندین فەرموودەی تردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئاشکرا و بە ڕوونی فەرمان دەکات بە پیاوان کە ئافرەتان فێری زانستی شەرعی بکەن ، وەك لە فەرمودەکەی** (مالك)**ی کوڕی** (الحويرث)**دا دەردەکەوێت کە فەرموویەتی :** ((أتيتُ النبي (ﷺ) في نفر من قومي فأقمنا عنده عشرين ليلة ، وكان رحيماً رفيقاً ، فلما رأى شوقنا إلى أهلينا قال : ارجعوا فكونوا فيهم وعلموهم ...))[٩] .

**واتە : هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە گەڵ چەند کەسێك لە قەوم و عەشیرەتەکەم ، وە بیست شەو لە لای ماینەوە و پێغەمبەر (ﷺ) بە بەزەیی و نەرم ونیان بوو ، وە کاتێك بینی ئێمە شەیدا و تامەزرۆی خێزان و کەس و کارمانین پێی فەرمووین : بگەڕێنەوە وە تێیاندا بن و فێریان بکەن ، واتە لە شەرع فێریان بکەن .**

**بەڵکو لەمەش ئاشکرا و ڕوون تر فەرموودەکەی** (الشفاء)**ی کچی** (عبد الله)**یە کە دەفەرموێت: " لە لای حەفصە بووم ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) هات بۆ لامان و فەرمانی پێم کرد و ووتی :** ((علّميها حفصة كما علّمتيها الكتابة)) .(١٠)

**واتە : ئەو دوعایە فێری (حەفصە) بکە وەك چۆن فێری نوسینت کرد .**

**وە شێخی ئەلبانی ئەم فەرموودەیەی هێناوە لە ژێر ناو نیشانی** (تعليم الـمرأة الكتابة / **واتە : فێرکردنی ئافرەتان لە نووسین) پاشان لە فقه و سودەکانی فەرمودەکەدا دەفەرموێت :**

(مشروعية تعليم المرأة الكتابة / **واتە : شەرعی‌یەتی فێرکردنی ئافرەتان لە نووسین)** ، ومن أبواب البخاري في " الأدب المفرد " رقم : (١١١٨) :

(باب الكتابة إلـى النساء وجوابـهن / **واتە : بابەتی نووسین بۆ ئافرەتان و وەڵامدانەوەیان) پاشان فەرموودەکەی** (عائشة)**ی کچی** (طلحة) **دەهێنێت لەم بارەوە ، کە تیایدا هاتووە : " خەڵکی لە شارەکانی ترەوە پرسیاری**

---

(٧) **پێشەوا** (الـحافظ ابن حجر) **لە کتێبی** (فتح الباري شرح صحيح البخاري) (١ / ٣٣٣) **دا لەم بارەیەوە فەرموویەتی :** (إنَّـما خص الذَّكر بالذِّكر لكون الرجال فـي الغالب هم الـمخاطبون والنساء شقائق الرجال فـي الأحكام إلاَّ ما خص) ، **وە بڕوانە هەمان سەرچاوە :** (٦ / ٧٤٠) .

**واتە : لەبەر ئەوە ڕەگەزی نێر تایبەت کراوە بە باسکردنەوە چوونکە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا پیاوان ڕووبەرووی لێداوانەکە دەبنـەوە و ئافرەتـانیش هاوشان و لە ڕیزی پیاواندان لە ئەحکامە شەرعی‌یەکاندا بە گشتی ئیللا ئەو حوکمانە نەبێت کە تایبەت کراون بە ڕەگەزێکەوە .**

**هەروەها زانای فەرموودەناسی سەردەم** (الشيخ الألبانـي) **ڕەحمەتی خوای لێبێت لە بارەی فێرکردنی ئافرەتانەوە لە بواری (نووسین و خوێندن)ەوە فەرموویەتی :**

(الكتابة والقراءة [من نعم الله] فلا ينبغي للآباء أنْ يـحرموا بناتـهم من تعلمها ، شريطة العناية بتربيتهن على الأخلاق الإسلامية كما هو الواجب عليهم بالنسبة لأولادهـم الذكور أيضاً ، **فلا فرق في هذا بين الذكور والإناث**) انظر : سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١/٣٤٧) .

**واتە : نووسین و خوێندن [لە نیعمەتەکانی خوای پەروەردگارن] بۆیە ناشایستەیە بۆ باوکان کەوا کچەکانیان بێ بەش و مەحروم بکەن لە فێربوونیان ، بە مەرجێك کەوا لە گەڵ ئەوەشدا گرنگی بدەن بە پەروەردەکردنیان لە سەر ڕەوشتە ئیسلامی‌یەکان هەروەکو چۆن ئەمە پێویستە لە سەریان لە ئاست منداڵە نێرینەکانیان بە هەمان شێوە ، چوونکە لەمەدا ـ واتە : فێربوونی نووسین و خوێندن ـ هیچ جیاوازی‌یەك نی‌یە نێوان نێر و مێدا .**

(٨) صحيح سنن أبـي داود رقم : (٢١٦) .

(٩) صحيح البخاري رقم : (٦٢٨) .

(١٠) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٧٨) .

شەرعیان لە نامەدا دەنارد بۆ عائیشەی دایکی ئیمانداران و ئەویش بە عائیشەی کچی طـەلحەی دەفەرموو : وەڵامیان بدەرەوە ..." (١١).

وە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە ژێر ناونیشانی (هل يجعل للنساء يوماً على حدة في العلم / واتە : ئایا ڕۆژێك بە تەنها بۆ ئافرەتان دادەنرێت بۆ زاست)(١٢) فەرموودەکەی عائیشە دەهێنێت کە دەفەرموێت : "ئافرەتە ئەنصاریەکان بە پێغەمبەریان (ﷺ) فەرموو : ((اجعل لنا يوماً من نفسك نتعلم فيه)) (١٣).

واتە : لە لایەن خۆتەوە ڕۆژێکمان بۆ تەرخان بکە بۆ ئەوەی تێیدا فێرببین ....

وە لە ژێر ناونیشانی (عظة الإمام النساء وتعليمهن / واتە : ئامۆژگاری پێشەوای موسڵمانان بۆ ئافرەتان و فێرکردنیان) فەرموودەکەی (عبدالله)ی کوڕی (عباس) دەهێنێت کەتێیدا هاتووە : پێغەمبەری خوا(ﷺ) ووتارێکی تایبەتی بۆ ئافرەتان دا و ئامۆژگاری کردن...) .

### * گەورەیی پاداشتی گەڕان بەدوای زانستی شەرعیدا :

گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا و هەوڵدان لە پێناو بەدەست خستنیدا هۆکارن بۆ بەختەوەری مرۆڤ ـ چ پیاو بێت یاخود ئافرەت ـ لە ژیانی دونیا و دوا ڕۆژدا ، وە ئەو کەسانەی کە شەرع ناس و شارەزاو زانان لە شەرعدا زیاتر لەخوای گەورە دەترسن و پلە و پایەیان لە کەسانی تر لە ئیمانداران بەرزتر و بڵندترە لە لای خوای گەورە .

خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ [سورة فاطر : (٢٨)] .

واتە: تەنها بەندە شەرع زانەکان لە خوا دەترسن ، وە دەفەرموێت :

﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [سورة الزمر : (٩)] .

واتە : بڵێ ئایا ئەو کەسانەی کە شارەزان و شەرع زانن وەك ئەو کەسانەن کە نەشارەزان ؟ ، وە دەفەرموێت :

﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ [سورة المجادلة : (١١)] .

واتە: خوا پلەی ئیمانداران لە ئێوە و ئەوانەی زانستی شەرعیان پێدراوە بەرز دەکاتەوە .

وە چەندین بەڵگەی تر هاتووە لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) لەم بارەیەوە لەوانە :

(أبو الدرداء) (رضي الله عنه) فەرموویەتی بیستم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی :

((مَنْ سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهّل الله له طريقاً إلى الجنة ، وإنّ الملائكة لتضع أجنحتها رضاً لطالب العلم ، وانّ العالم يستغفر له من في السموات ومن في الارض حتى الحيتان في الماء ، وإنّ فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب ، وإنّ العلماء ورثة الأنبياء وإنّ الأنبياء لـــم يورثوا ديناراً ولا درهماً وإنّما ورّثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر)) (١٤).

واتە : هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ئەوا خوای گەورە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات ، وە فریشتەکان باڵیان ڕادەخەن بۆ ئەو کەسەی دەگەڕێت بە دوای زانستی شەرعیدا لەبەر ئەوەی

---

(١١) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٣٤٦/١) .

(١٢)انظر : فتح الباري : (٢٥٨/١) .

(١٣)صحيح البخاري رقم : (١٠١) .

(١٤) صحيح سنن أبـــي داود رقم : (٣٦٤١) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (١٨٢) .

رازین بەوەی بۆی دەگەڕێت ، وە هەموو ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان داوای لێخۆشبون دەکەن بۆ شەرع زانەکان تەنانەت ماسیش لە دەریادا ، وە گەورەیی و چاکێتی شەرع زان بە سەر پەرستکار (عابد)ەوە وەك چاکێتی و جوانی مانگ وایە بە سەر هەموو ئەستێرەکانەوە ، وە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ، وە پێغەمبەران دینار و درهەمیان بە میرات بەجێ نەهێشتوە بەڵکو تەنها زانستی شەرعیان بەمیرات بەجێ هێشتوە ، جا هەرکەسێ بەدەستی خات ئەوا بەشێکی زۆری بەدەست ختسوە .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە (صفوان)ی کوڕی (عسّال) (ﷺ) : هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمووی : ((یا رسول الله إنّي جئت أطلبُ العلمَ ، قال : ((مرحباً بطالب العلم ، إنّ طالب العلم لتحف به الملائكة ، وتظله بأجنحتها ، فيركب بعضها بعضاً حتى يبلغوا السماء الدنيا من حبهم لـــما يطلب ...))(١٥).

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا من هاتووم بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : خۆشحاڵین بە هاتنی فێرخوازی زانستی شەرعی ، وە فێرخوازی زانستی شەرعی (طالب العلم الشرعي) فریشتەکان دەوری دەدەن و سێبەری بۆ دەکەن بە باڵیان جا هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا دەچن بەیەکدا تا دەگەنە ئاسمانی دونیا لە خۆشەویستی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێت ...

وە لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَن يُرِدِ اللهُ به خيراً يُفقههُ في الدين))(١٦).

واتە : ئەگەر کەسێك خوا خەیروچاکەی بۆ بوێت ئەوا شارەزا و زانای دەکات لە ئیسلام .

## * گەورەیی پاداشتی فێرکردنی زانستی شەرعی :

هەروەها ئەو کەسەی کە موسڵمانان و کەسانی تر فێردەکات و شارەزایان دەکات لە قورئان و فەرموودە پیرۆزە صەحیحەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێی تێگەیشتن و کردەوەی سەلەف و زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە و بەشێوەیەکی چاك و ڕاست و ڕوون .. شارەزایان بکات لە بیروباوەڕ و ڕێبازی سەلەف و ئەرکە شەرعیەکان و حەڵاڵ و حەرام و چاکە و خراپە و یەك خوا پەرستی و شیرك بڕیاردان و سوننەت و بیدعە و ... هتد ، ئەو کەسە کە مامۆستا و فێرکاری زانستی شەرعیە بەهەمان شێواز پاداشتێکی زۆریان دەست دەکەوێت .

لە عوسمانەوە ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((خيرُكم مَن تعلّمَ القرآنَ وعلّمَهُ))(١٧).

واتە : چاکترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێردەبێت و کەسانی تریش فێردەکات .

وە لە (أبو أمامة الباهلي)ەوە (ﷺ) دەگێڕنەوە فەرموویەتی : ذُكِرَ لرسول الله رجلان أحدهما عابد والآخر عالـــم ، فقال رسول الله (ﷺ) : فضل العالـــم على العابد كفضلي على أدناكم ، ثمّ قال رسول الله (ﷺ) : ((إنّ الله وملائكته وأهل السماوات والأرضين حتى النملة فـــي جُحرها وحتى الـــحوت ليصلّون على مُعلّم الناس الـــخير))(١٨).

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((من علّم علماً فله أجر من عمل به لا ينقص من أجر العامل))(١٩).

---

(١٥) صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٥٣٥ ) وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٢٦) وأخرجهُ أحمد : (٢٣٩/٤) .

(١٦) صحيح البخاري رقم : (٧١) .

(١٧) صحيح البخاري رقم : (٥٠٢٧) .

(١٨) صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٨٥ ) ، وصحيح الـــجامع الصغير رقم : (٤٢١٣) .

(١٩) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٤٠) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٦٣٩٦) .

**واتە : هەر کەسێك زانستێکی شەرعی فێری خەڵك بکات ئەوا پادشنی دەست دەکەوێت وەك ئەوەی کردەوەی پێدەکات ، وە لە پاداشتی بکەر کەم نابێتەوە .**

**وە لە** (أبو مسعود الأنصاري)**یەوە** (ﷺ) **دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :** ((مَن دلَّ على خيرٍ فلهُ مثلُ أجرِ فاعلهِ))[٢٠].

**واتە : ئەو کەسەی کە چاکەیەك پێشانی کەسێك بدات ئەوا پاداشتی دەست دەکەوێت وەك پاداشتی ئەوەی چاکەکە دەکات.**

**وە لە** (أبو هريرة)**وە** (ﷺ) **دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :** ((مَن دعا إلى هدى كان له مِن الأجر مثل أجور مَن تبعه لا ينقص ذلك مِن أجورهم شيئاً))[٢١].

**واتە : هەرکەسێك بانگەواز و ڕێنمایی بکات بۆ ڕوناکی (واتە بۆ : زانستی شەرعی) ئەوا پاداشتی دەست دەکەوێت بەقەد پاداشتی ئەوانەی کە شوێنی دەکەوون ، لە کاتێکدا هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم نابێتەوە .**

**دیسان لە** (أبوهريرة)**وە** (ﷺ) **لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :**

((إذا مات ابن آدمَ انقطع عملُهُ إلاَّ مِن ثلاث : صدقة جارية أو علم يُنتفعُ به أو ولد صالح يدعوا له))[٢٢].

**واتە: ئەگەر ئادەمیزاد مرد ئەوا کردەوەکانی دەبڕێتەوە تەنها لە سێ شت دا نەبێت :**

**ـ چاکە بەخشینێکی بەردەوام .**

**ـ یان زانستێکی شەرعی کە سودی لێ ببینرێت بەجێی هێشتبێت لە دوای خۆی .**

**ـ یان منداڵێکی چاکی هەبێت دوعای بۆ بکات .**

**وە هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :**

((إنَّ مـــما يَلحَقُ الـــمؤمن مِنْ عَمَلِه وَحَسَناتِهِ بَعدَ موتِهِ : **علماً عَلَّمَهُ و نَشَرَهُ** ...))[٢٦].

**واتە : لەو کردەوە و چاکانەی کە دەگات بە ئیماندار لە دوای مردنی : زانستێکە (واتە : زانستی شەرعی) کە خەڵکی فێر کردبێت و بڵاوی کردبێتەوە .**

### * چی پێویستە لە سەر ئافرەتان فێری ببن؟

**پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك ـ پیاو بێت یا خود ئافرەت ـ ئەوەندە لە شەرع شارەزابێت و فێربێت کە بتوانێت خوا پەرستی و هەڵسوکەوت و کاروباری ڕۆژانەی لە گەڵ دەوروبەریدا لە مرۆڤ و زیندەوەر و دروست کراوەکانی تری خوای پەروەردگار بەشێوازێکی ڕاست و ڕێك وەك چۆن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕونیان کردوەتەوە ئەنجام بدات .**

**ئیمامی** (الحافظ ابن حجر) **لە** (فتح الباري)**دا فەرموویەتی :**

(وقوله عز وجل : ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾[٢٧] واضح الدلالة في فضل العلم ، لأن الله تعالى لـــم يأمر نبيّه (ﷺ) بطلب الازدياد في شيء إلاَّ من العلم ، والـــمراد بالعلم : العلم الشرعي الذي يفيد معرفة ما يجب على الـــمكلف من أمر دينه في

---

(٢٠) صحيح مسلم رقم : (١٨٩٣) .

(٢١) صحيح مسلم رقم : (٢٦٧٤) .

(٢٢) صحيح مسلم رقم : (١٦٣١) .

(٢٦) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٤٢) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٧٧) و ((إرواء الغليل)) للألبانـــي رقم : (١٤٧٩) .

عباداته ومعاملاته ، والعلم بالله عز وجل وصفاته وما يـــجب له من القيام بأمره ، وتنـــزيهه عن النقائص ، ومدار ذلك على التفسير والـــحديث والفقه) (٢٨).

واتە : ئەم ووتەیەی خوای گەورە ﴿ وە بڵێ پەروەردگارم زانستم زیاتر بکە ﴾ : بەڵگەیەکی روونە لەسەر گەورەیی و چاکەی زانست ، چونکە خوای پایە بەرز فەرمانی نەکردووە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە داوای زیادکردنی **هیچ** شتێك بکات جگە لە زانست نەبێت .

وە **مەبەست لە زانست** : زانستی شەرعی‌یە کە ئەوە دەگەیەنێت : شارەزابوون لەوەی پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لەسەر (مُكلَّف) لەبواری ئاینەکەیدا لە پەرستنەکانیدا و لە هەڵس و کەوتیدا ، و زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەکانی ، وە ئەوەی کە پێویستە لەپێناو ئەودا پێی هەڵبسێ لە فەرمانەکانی ، و پاك ڕاگرتنی لە کەم و کوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لەسەر **تەفسیر و فەرمووده و فقه** .

بەڵام ئافرەتان هەرچەندە جیاوازی نی‌یە لە نێوان ئەوان و پیاواندا لە (واجب)ـێتی فێربوونی ئەو زانستە گشتیانە کە هاوبەشە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا ، دەبێت لە هەندێك بـواری تردا کە تایبـەتمـەندە بە ئافرەتان شارەزا و فێـر بن ، ئەویـش دەتوانـین بەم شێوازەی خـوارەوە ڕوونی بکەینەوە :

أ- **زانستە هاوبەش و گشتی یەکان :**

- زانستی بیروباوەڕ (العقيدة) و یەکخواپەرستی (التوحيد) بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بپارێزێت لە هاوەڵبڕیاردان و بێ باوەڕی .
- پەرستنەکان (العبادات) وە بەتایبەت ئەو پەرستنانەی کە (فرض) و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك ، وەك : چۆنێتی دەست نوێژ و خۆشوشتن (غُسل) و نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەج ، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەکەم تەرخەمی و بیدعە بپارێزێت .
- فێربوونی خوێندنەوەی قورئان و تەفسیر کە ئاسانکار و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە قورئان .
- ژیان نامە و سیرەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .
- ڕەوشتە بەرز و پیرۆزەکان وەك : ئەدەب و ڕەوشتەکانی هەڵس و کەوت کردن لە گەڵ باوك و دایك و خێزان و گەورە و منداڵ و هاوەڵ و دەرهاوسێ و گیان لەبەرانی تر ، وە ئەدەبەکانی لە ماڵ دەرچوون و هاتنەوە و سەردان و چوون بۆ مزگەوت و دەرچوون لە مزگەوت و ئەدەبی چوونە سەر ئاو و خۆ پاککردنەوە و دەرچوون لەسەر ئاو و چۆنێتی ئەو جل و بەرگانەی کە لەبەر دەکرێت ... هتد .

ب- **زانستە تایبەتمەندەکان بە ئافرەتان :**

- **حوکمەکانی بێ نوێژی** (حَـيـض) **و زەیسانی** (نِـفـاس) **و نەزیفی** (إستـحاضـة) .
- **حوکمەکانی مێرکردن** (النكاح) **و تەعزیە باری** (حِـداد) **و پۆشاك** (حـجـاب) **و خۆرازاندنەوە** (الـتزيـن) .
- مافەکانی مێرد لەسەر ئافرەت بۆ ئەوەی بە جوانی جێبەجێیان بکات .
- ژیاننامەی ئافرەتانی سەلەف بەتایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئافرەتانی صەحابە .

---

(٢٧) سورة طه : (١١٤) .

(٢٨) فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١/١٨٧) .

*** شەرم کردن ڕێگر نییە لە فێربوونی زانستی شەرعیدا :**

**ئاشکرایە کە سیفەتی شەرم کردن شتێکی سروشتییە لە ئافرەتدا ، بەڵام زانایانی شەرع پێناسەی شەرم کردن بەوە دەکەن کە :**

**شەرم کردن : ئەو سیفەتە بەرز و پیرۆزەیە کە بەردەوام هاندەرە بۆ دوور کەوتنەوە لە کاری خراپ و نابەجێ و دوور کەوتنەوە لە کەم تەرخەمی لە مافی خاوەن مافەکان** (٢٩) .

**وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەچەندین فەرموودەدا باسی شەرم کردنی بەچاکە کردووە و بە یەکێك لە بەشەکانی ئیمانی داناوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((الـحياءُ كلُّهُ خير))(٣٠) .

**واتە : شەرم کردن هەمووی خەیر و چاکەیە .**

**وە فەرموویەتی :** ((الـحياءُ شُعبةٌ مِنَ الإيـمان))(٣١) .

**واتە : شەرم کردن بەشێکە لە ئیمان .**

**بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا شەرم کردن نابێتە ڕێگر لە فێربوونی زانستی شەرعی و ئەم ڕاستییە زۆر بەئاشکرا و بەڕاشکاوی ڕەنگی داوەتەوە لە ژیانی ئافرەتە صەحابییەکان ، بۆیە دەبینین عائیشە** (رضي الله عنها) **لە فەرموودەکەیدا وەسفی ئافرەتە ئەنصارییەکان دەکات و دەفەرموێت :**

((نِعْمَ النساء نساءُ الأنصار ، لـم يَمنعْـهُنَّ الـحياءُ أنْ يَتفقَّهْنَ فـي الدِّين))(٣٢) .

**واتە : باشترین ئافرەت ئافرەتانی ئەنصار بوون ، چونکە شەرم کردن ڕێی لێ نەدەگرتن لە فێربوونی شەرعدا .**

**وە لە چەندەها فەرموودەدا هاتووە کە ئافرەتان هەوڵیان داوە فێری شەرع ببن و شەرمیان نەکردوە :**

**دایکی سولەیمی کچی مەلحان کە دایکی ئەنەسی کوڕی مالکە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی :** ((يا رسول الله إنَّ الله لا يستحي من الحق ، فهل على الـمرأة من غُسلٍ إذا احتلمتْ ؟ فقال رسول الله (ﷺ) : نعم إذا رأت الماء ، فغطت أمّ سلمة ــ تعنـي وجهها ــ وقالت : يا رسول الله وتـحتلم الـمرأة ؟ قال : نعم ، تربت يـمينكِ ، فبم يشبهها ولدها ؟))(٣٣) .

**واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورە لە حەق شەرم ناکات ، ئایا ئافرەت خۆشۆردن** (غُسل)**ی لە سەرە ئەگەر لە خەودا وای بینی لەشی گرانبووە ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ ئەگەر ئاوی بینی ، جا لەوکاتەدا** (أم سلمة) **لە شەرم کردندا ڕوومەتی خۆی داپۆشی و ووتی :**

**ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئافرەت لەخەودا لەش گران دەبێت ؟**

---

(٢٩) انظر : ((شخصية المرأة المسلمة كما يصوغها الإسلام في الكتاب والسنة)) ص : (٣١٦) .

(٣٠) صحيح مسلم رقم : (٣٧) .

(٣١) صحيح مسلم رقم : (٣٥) .

(٣٢) صحيح البخاري (باب الحياء في العلم) ((الفتح)) : (٣٠١/١) ، وصحيح مسلم رقم : (٣٣٢) .

(٣٣) صحيح البخاري رقم : (١٣٠) ، ومسلم رقم : (٣١٣) .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ (دەستی ڕاستت بچێت بە خۆڵدا)[٣٤] ئەی ئەگەر وا نەبێت چۆن منداڵەکەی شێوازی دەچێتە سەر دایکی .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە دایکی سولەیم هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشەش (رضي الله عنها) لە لای بوو ، وە کاتێك دایکی سولەیم پرسیاری کرد ، عائیشە ووتی : ئەی دایکی سولەیم ((فَضحتِ النساءَ))[٣٥] واتە: ئابڕووی ئافرەتانت برد .

ئیمامی (ابن حجر) دەفەرموێت : (قوله : لا يستحي من الحق) واتە : خوای گەورە فەرمان ناکات بەشەرم کردن لە حەق و ڕاستیدا ، وە دایکی سولەیم ئەم ووتەیەی کرد بە پێشەکیەك بۆ بیانویەك لە باسکردنی ئەوەی کە ئافرەتان شەرمی لێ دەکەن باسی بکەن بەئامادەبوونی پیاوان ، لەبەر ئەوە عائیشە پێی ووت : ((فضحتِ النساءَ)) واتە : ئابڕووی ئافرەتانت برد[٣٦].

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە دایکی سەلەمە (رضي الله عنها) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی چۆنێتی خۆشوشتنی بێ نوێژی و خۆشوشتنی لەش گرانی [٣٧].

وە لە فەرموودەکەی (أسماء)دا ئەویش کە پرسیاری چۆنێتی هەردوو خۆشۆردنەکەی کردووە ، هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووت :

((... ثُمّ تأخذ فرصة مُـــمسكة فتطهر بـــها ، فقالت أسماء : وكيف تطهر بـــها ؟ فقال : سبحان الله تطهرين بـــها ، فقالت عائشة : ــــ كأنَّها تُخفي ذلك ــــ تتبعين أثر الدم ...)) [٣٨].

واتە: دوای خۆشۆردنی بێ نوێژی پاشان پارچەیەك لۆکە کە میسکی پێوەکرابێ دەهێنێ بۆ ئەوەی خۆی پێ پاك بکاتەوە ، جا (أسماء) ووتی : چۆن خۆی پێ پاك بکاتەوە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) لە شەرمدا ووتی : ((سبحان الله تطهرين بـــها)) جا عائیشە دەفەرموێت ـ وەك چۆن بڵێی ئەوەی ژێر بە ژێر پێی ووت ـ : پارچە لۆکەکە دەهێنیت بەسەر شوێنەواری خوێنەکەدا .

**لەم فەرمودانە و چەند فەرمودەی تر دەردەکەوێت کە :**

ئافرەتان شەرم کردن لە لایان نەبووەتە ڕێگر لە فێربوونی زانستی شەرعی و ئەرکە شەرعیەکان .

وە یەکێك لە زانایانی (تابعين) کە ئیمامی (مــــجاهد)ـە دەفەرموێت : ((لا يتعلم العلم مستحي ولا مستكبر)) [٣٩].

واتە : دوو کەس فێری زانستی شەرعی نابن : کەسێك شەرم بکات ، وە کەسێك لووت بەرزو خۆ بە گەورە زان بێت.

---

(٣٤) ووتەی : ((دەستی ڕاستت بچێت بە خۆڵدا)) : واتاکەی لە بنەڕەتدا دوعا لێ کردنە واتە : هەژار کەویت و دەستت بکەوێتە سەر خۆڵ ، بەڵام لێرەدا ئەم واتایە مەبەست نیيە چونکە ئەم ووتەیە دەوترێت بە مەبەستی سەرزەنشت کردن و مەبەست پێی ڕەواڵەتەکەی نیيە کە دوعا لێکردنە. بڕوانە : (( فتح الباري )) : (١ / ٣٠٣) ، و ((لسان العرب)) : (١ / ٢٢٩) ، هەروەها بڕوانە : ((**گۆڤاری ڕێگای ڕاست**)) ژمارە : (٤) لاپەڕە : (١٢٠ ــــ ١٢١) .

(٣٥) صحيح مسلم رقم : (٣١٣) .

(٣٦) انظر : ((فتح الباري شرح صحيح البخاري)) : (١ / ٣٠٢) .

(٣٧) صحيح مسلم رقم : (٣٣٠) .

(٣٨) صحيح مسلم رقم : (٣٣٢) .

(٣٩) صحيح البخاري (باب الحياء في العلم) كما في " الفتح": (١/٣٠١) .

*** ئافرەتان چۆن زانستی شەرعیان بەدەست دەخست لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ؟**

ئافرەتانی سەلەف و بەتایبەت ئافرەتانی صەحابە زۆر سور بوون لەسەر فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی و بەدڵێکی گەرم و زۆر بەپەرۆشەوە ڕوویان دەکردە ئەو جێگایانەی کە زانستی شەرعی تێدا باس دەکرا و بڵاو دەکرایەوە ، وە بەردەوام پرسیاریان دەکرد و بەدوای تەفسیر و واتای ئایەت و فەرموودەکاندا دەگەڕان ، وە ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەگەر کارێکیان لێ ئاڵۆز ببوایە و پێویستی بە زانستێکی زیاتر بکردایە دەیانزانی لە چی جێگایەك ئەو زانستەیان دەست دەکەوێت .

جا ئەگەر ورد بیتەوە لەو ڕێگایانەی کە ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دەیانگرتەبەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ، بۆت دەردەکەوێت کە بەم شێوازانەی خوارەوە بووە :

**١ ـ ئامادەبوونی جێگاو مەجلیسە تایبەتمەندەکان بە ئافرەتان:**

ئەمەش زیاتر لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئافرەتان داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێکیان بۆ تایبەت بکات بەمەبەستی فێرکردنی ئافرەتان لە زانستی شەرعی و شارەزابوون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، لە فەرموودەکەیدا هاتووە کە ئافرەتانی ئەنصار ووتیان بە پێغەمبەر (ﷺ) :

«اجعلْ لنا من نفسك يوماً نتعلّم فيه ، فقد غلبنا عنك الرجال ، فقال موعدكُنَّ دار فلانة ، فأتاهُنَّ فيها فوعظهُنَّ وذكرهُنَّ وعلّمهُنَّ»(٤٠).

واتە : لەلایەن خۆتەوە ڕۆژێکمان بۆ تایبەت بکە بۆ ئەوەی تێیدا فێری زانستی شەرعی ببین ، چونکە پیاوان زۆرتر بەشیان دراوە لە لایەن تۆوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی : جێگای کۆبونەوەتان ماڵی فلانەکەسە ، پاشان هات بۆ لایان لەو ماڵەدا و ئامۆژگاری کردن و بیریانی خستەوە و فێریانی کرد .

وە لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی (مسلم)دا (أبو سعيد الخدري) دەفەرموێت :

«جائت امرأة إلــى رسول الله فقالت : يا رسول الله ذهب الرجال بــحديثك فاجعل لنا من نفسك يوماً نأتيك فيه ، تُعلِّمنا مـــمَّا علَّمكَ الله ، قال : اجتمعن يوم كذا وكذا ، فاجتمعن ، فأتاهن رسول الله (ﷺ) فعلّمهن مـــمَّا علّمه الله ...» (٤١).

واتە : ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا فەرموودەکانی تۆ پیاوان بردویانە و زیاتر بەر ئەوان دەکەوێت ، جا ڕۆژێك بۆ ئافرەتان لە لایەن خۆتەوە تەرخان بکە تێیدا دێین بۆ لات فێرمان بکە لەوەی کە خوا فێری کردوی ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : کۆببنەوە فلانە ڕۆژ لە فلانە شوێندا ، جا ئافرەتان کۆبونەوە و پێغەمبەریش (ﷺ) هات بۆ لایان و فێری کردن لەوەی کە خوا فێری کردبوو ...

**٢ ـ ئامادەبوونی جێگا و مەجلیسە گشتیەکان:**

وەك ئامادەبوونی ووتاری ڕۆژی هەینی (خطبة الجمعة) و ووتاری هەردوو جەژنی (ڕەمەزان و قوربان) و ووتاری خۆرگیران و ووتاری پێویست بۆ ڕوداوێکی نائاسایی و ووتاری حەجی ماڵ ئاوایی و ... هتد .

---

(٤٠) صحيح البخاري رقم : (١٠١) كما في ( الفتح ١/ ٢٥٨) .

(٤١) صحيح مسلم رقم : (٢٦٣٣) .

أ / عن أخت العمرة بنت عبد الرحمن (رضي الله عنهما) قالت : ((أخذت ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ من فِـــيّ رسول الله (ﷺ) يوم الجمعة ، وهو يقرأ بـــها على الـــمنبر في كل جمعة))[٤٢].

**واتە : سورەتی ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾م وەگرت و فێربووم لەدەمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لە ڕۆژی هەینیدا کاتێ ئەو دەیخوێندەوە لەسەر مینبەر لە هەموو جومعەیەکدا .**

وعن بنت الحارثة بن النعمان (رضي الله عنهما) قالت : ((ما حفظتُ ﴿ ق ﴾ إلاّ من فـــيّ رسولِ الله (ﷺ) يخطب بها كل جمعة ، قالت : وكان تنورنا وتنور رسول الله (ﷺ) واحداً)) [٤٣].

**واتە: سورەتی ﴿ ق ﴾م لەبەر نەکرد تەنها لە دەمی پێغەمبەری خواوە نەبێ (ﷺ) دەی کرد بەووتاری هەموو هەینیەك ، وە دەیووت : تەنوورەکەی ئێمە و تەنورەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەك بوون .**

**ئیمامی** (النووي) **دەفەرموێت** (قولـــها : "وكان تنّورنا وتنور رسول الله (ﷺ) واحداً "إشارة إلى حفظها ومعرفتها بأحوال النبي (ﷺ) وقربـــها من منـــزلـــه)) [٤٤].

**واتە : ئەو ووتەیە ئاماژەیە بۆ لێهاتووی ئەو ئافرەتە لە لەبەرکردن و شارەزایی بەکاروبار و ژیانی ڕۆژانەی پێغەمبەر (ﷺ) و نزیکی ماڵی ئەو ئافرەتە لە ماڵی پێغەمبەرەوە (ﷺ) .**

ب / عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال: خرج رسول الله (ﷺ) في أضحى أو فطر فصلى فمرَّ على النساء فقال : ((يا معشر النساء ، تصدَّقنَ فإنِّي رأيتكنَّ أكثر أهل النار ، فقُـــلْـــنَ : وبِـــمَ يا رسولَ الله ؟ قال : تكثرنَ الـــلَّـــعْـــنَ ، وتكفُرنَ العشير)) [٤٥].

**واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ نوێژگە** (المصلَّى) **لە جەژنی قورباندا یان لە ڕەمەزاندا ، دای بە لای ئافرەتاندا و فەرموی : " ئەی چینی ئافرەتان ماڵ ببەخشن و چاکە بکەن چونکە من بینیم ئێوە زۆرینەی خەڵکی ئاگرن بوون ، ووتیان : بەچی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : "زۆر لەعنەت دەکەن و چاکەی مێردەکانتان لەبەر چاو نیەیە".**

**وە ئیمامی بوخاری لە ژێر ناو نیشانی** (موعظة الإمام النساء يوم العيد / **ئامۆژگاری پێشەوا بۆ ئافرەتان لە ڕۆژی جەژندا) فەرموودەکەی** (جابر)[٤٦] **و** ( ابن عباس)[٤٧] **یشی ڕیوایەت کردووە کە تێیدا هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای ووتاری ڕۆژی جەژن بەتایبەت هات بۆ لای ئافرەتان و ئامۆژگاری کردن و ترسی خوای بیریان خستەوە و فەرمانی پێکردن کە ببخشن و خەیر بکەن .**

ج / **ئەسمائی کچی** (أبو بكر) (رضي الله عنهما) **دەفەرموێت : (( لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) خۆرگیرا ... جا کاری خۆمم تەواو کرد ، پاشان هاتم و ڕۆیشتمە ناو مزگەوتەوە و بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاوەستاوە منیش لە**

---

(٤٢) صحيح مسلم رقم : (٨٧٢) .

(٤٣) صحيح مسلم رقم : (٨٧٣) .

(٤٤) انظر : ((شرح صحيح مسلم)) : (١٤٦/٦) .

(٤٥) صحيح البخاري رقم : (٣٠٤) .

(٤٦) صحيح البخاري رقم : (٩٦٨) وصحيح مسلم رقم : (٨٨٥) .

(٤٧) صحيح البخاري رقم : (٥٢٤٩) وصحيح مسلم رقم : (٨٨٤) .

دوایەوە راوەستام جا زۆر راوەستام هەتا وام بینی کە دانیشم بەڵام بەرم دەکردە لای ئافرەتی لاوازەوە و دەم ووت : ئەمە لە من لاوازترە ...» [٤٨].

وە دەفەرموێت : «پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە وەستا ووتاری خوێند ـ دوای نوێژی خۆر گیران ـ جا باسی سزای ناو گۆڕی کرد...» تا کۆتایی فەرموودەکە [٤٩].

د / (فاطمة)ی کچی قەیس (رضي الله عنها) کە یەکێکە لە ئافرەتە کۆچکەرە دێرینەکان دەفەرموێت : «لە ناو خەڵکدا بانگ کرا (إنَّ الصلاة جامعة) جا منیش دەرچووم و رۆیشتم وەك ئەو خەڵکانەی کە دەرچوون بۆ مزگەوت ، جا نوێژم کرد لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا من لە ڕیزی پێشەوەی ئافرەتان بووم کە بەدوای ریزی کۆتایی پیاوانەوە بوو ...» [٥٠].

هـ / (أم الحصين) (رضي الله عنها) دەفەرموێت : «حەجی ماڵ ئاواییم لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کرد جا زۆر ووتاری خوێند ، پاشان بیستم دەیفەرموو : ...» [٥١].

**٣ ـ ئافرەتان دەڕۆیشتن بۆ ماڵانی پێغەمبەر (ﷺ)** : بۆ دەربڕینی سکاڵا و شکات و گلەیی لە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە بۆ پرسیار کردن و داوای ڕوون کردنەوە لە بوارەکانی ژیاندا بە تایبەت لە بواری ژیانی ژن و مێردایەتی و ئەو حوکمانەی کە تایبەتە بە ئافرەتان وەك (حيض) و (طلاق) و (خلع) و ... هتد ، بە مەبەستی گەیشتن بە حوکمی خوا تێیدا ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك مامۆستا و پەروەردەکارێك دەرگای دانەدەخست لە ڕووی هەرکەسێك زانستی شەرعی بویستایە .

وە نموونە لەم بارەیەوە زۆرە لەوانە:

أ / زەینەبی خێزانی (عبد الله)ی کوڕی مەسعود (رضي الله عنهما) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵدا پرسیاری کرد دەربارەی نەفەقە و بەخشینی خەیر لەسەر مێرد و کەس و کاردا [٥٢].

ب / سوبەیعەی ئەسلەمی کاتێك مێردەکەی مرد (رضي الله عنهما) سك پڕ (حامل)ە بوو ، بە دوای چەند شەوێکدا منداڵی بوو ، پاشان ویستی شوو بکات بەڵام (أبو السنابل) پێی ووت تۆ هێشتا حەڵاڵ نەبوویت بۆ شووکردن تا چوار مانگ و دە ڕۆژ تەواو نەکەیت ، ئەویش هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کرد و باسی مەسەلەکەی خۆی و قسەکەی (أبو السنابل)ی بۆ کرد [٥٣] ... و هتد .

*** ڕۆڵی ئافرەتانی سەلەف لە گێڕانەوەی فەرموودەدا :**

ئافرەتانی صەحابە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبووە لە گواستنەوە و گێرانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەتایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ماڵی هەر یەکێکیان قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی ، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت :

(٤٨) صحيح مسلم رقم : (٩٠٦) .
(٤٩) صحيح البخاري رقم : (١٣٧٣) .
(٥٠) صحيح مسلم رقم : (٢٩٤٢) .
(٥١) صحيح مسلم رقم : (١٢٩٨) .
(٥٢) صحيح البخاري رقم : (١٤٦٦) وصحيح مسلم رقم : (١٠٠٠) .
(٥٣) صحيح البخاري رقم : (٥٣١٨) وصحيح مسلم رقم : (١٤٨٤) .

﴿ واذكرن ما يتلى في بيوتكن من آيات الله والحكمة﴾ [٥٤].

واتە : ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە بیری خۆتانی بخەنەوە ئەوەی لە ماڵەکانتانا دەخوێنرێتەوە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

* ژمارەی ئەو ئافرەتە صەحابیانەی کە فەرموودەیان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێراوەتەوە دەگاتە (٢١٦) ئافرەت لە گەڵ هەر نۆ خێزانەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) .

* بەڵام خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە تەنها (٣٢٠٠) فەرموودەیان گێراوەتەوە بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە :

- عائشة ...................... (٢٢١٠)
- أم سلمة ...................... (٣٧٨)
- ميمونة ...................... (٧٦)
- أم حبيبة ...................... (٦٥)
- حفصة ...................... (٦٠)
- زينب ...................... (١١)
- صفية ...................... (١٠)
- جويرية ...................... (٧)
- سودة ...................... (٥)

# کۆتایی

لە کۆتاییدا دەڵێم :

ئەم نووسراوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام چەند گرنگی داوە بە ئافرەتان لە بواری فێرکردنی زانستی شەرعیدا ، وە ئافرەتانی سەلەف بۆ فێربوون و بەدەست خستنی زانستی شەرعی چەندین ڕێگای جۆراو جۆریان گرتووەتە بەر بۆ ئەم مەبەستە بەرز و پیرۆزە ، ئەوەشمان بۆ دەر دەکەوێت کە ئەهلی سوننە و سەلەفیەکان هاندەر و یارمەتیدەری ئافرەتانن لە ئاستی فێربوون و فێرکردنی ئافرەتان لە زانستە شەرعیەکان ، بەڵام لە سنووری شەرعدا و بە پێی مەرجە شەرعیەکان کە لە جێی خۆیدا باس کراوە .

بۆیە داوا لە ئافرەتان بەگشتی دەکەم کە زۆر بە گەرمی و لێهاتویەوە ڕوو لە زانستی شەرعی بکەن و هەوڵی فێربوون و فێرکردنی بدەن لە ڕێگای :

ـ خوێندنی دەرسی شەرعی ... و

ـ گوێ گرتن لە کاسێت ... و

(٥٤) سورة الأحزاب : (٣٤) .

ـ خوێندنەوەی كتێب و نامیلكەی زانایانی سەلەف و فێرخوازانی زانستی شەرعی ئەهلی سوننە و جەماعە كە (ڕێگای ڕاست) بۆ خەڵك ڕوون دەكەنەوە.

وە هەروەها داوا لە باوكان و برایان و بەخێوكاران بەگشتی دەكەم ئەوانەی بەرپرسێتی ئافرەتانیان لە گەردندایە : هەموو ئەو پێویستیانە دابین بكەن بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن بەزانستە شەرعیەكان .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

گرنگترینی سەرچاوەكان


*** كتێبە فەرموودەییەكان :**

١ ــ صحيح البخاري ، وفتح الباري شرح صحيح البخاري للحافظ ابن حجر العسقلاني .

٢ ــ صحيح مسلم ، وشرح صحيح مسلم للنووي .

٣ ــ صحيح سنن الترمذي .

٤ ــ صحيح سنن أبي داود .

٥ ــ صحيح سنن النسائي .

٦ ــ صحيح سنن ابن ماجه .

٧ ــ صحيح الجامع الصغير .

٨ ــ سلسلة الأحاديث الصحيحة .

*** كتێبە ژیاننامەییەكان :**

٩ ــ سير أعلام النبلاء للذهبي .

*** كتێبە تایبەتمەندەكان بە ئافرەتان :**

١٠ ــ دور المرأة في خدمة الحديث في القرون الثلاثة الأولى / آمال قرداش بنت الحسين .

١١ ــ المرأة حقوقها وواجباتها في الكتاب والسنة / خيرالدين وانلي .

١٢ ــ شخصية المرأة المسلمة كما يصوغها الإسلام في الكتاب والسنة / د. محمد علي الهاشمي .


======================


ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن